شیعر

# دیسان تیرۆر

ئاگرین

چاپی دووەم، کوردستان - ٢٠٠٤

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

www.kurdistannet.org

## ناسنامەی کتێب

- **ناوی کتێب:** دیسان تیرۆر
- **بابەت:** شیعر
- **شاعیر:**ئاگرین
- **چاپ:** ٢٠٠٤
- **هەژمار:** ٢٠٠٠
- **نۆرەی چاپ:** دووەم

**مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە**

پێشکەش بە:

«ئاسۆ»ی زانکۆی «خانی»

و

ڕۆڵەی شیرینم «ئارتین»

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

# پێڕست


ماموٚستا گیان ..... ١
دیسان تیرۆر ..... ٧
یادێک لە سامی ..... ١٢
سەدەیەک خۆشەویستی ..... ١٦
پرسیار ..... ٢٣
شەهیدستان ..... ٢٤
سلێمانی ..... ٢٧
حەسرەت ..... ٣٠
غوربەت ..... ٣١
شەهید ..... ٣٣
زریکەی ژوان ..... ٣٤
گەمیەی رۆح ..... ٣٥
نامەردی ..... ٣٦
هەڵەبجە ..... ٣٧
ئەسپەشێ ..... ٣٩
دەنگ ..... ٤٠
رەنگ ..... ٤٢
کەرکووک ..... ٤٣
ئاشتی ..... ٤٧
ناهومێدی ..... ٤٩
پیلان ..... ٥٠
رێبەندان ..... ٥١
وڵام ..... ٥٢
سروودی سەرکەوتن ..... ٥٣
پاییز ..... ٥٥
ئازادی ..... ٥٦
نەفرەت ..... ٥٧
مەشخەڵ ..... ٦٠
کالیسکەیێک لە تکا ..... ٦١
گومان ..... ٦٢
باڵوێزی شەوەزەنگ ..... ٦٣
یاد ..... ٦٥
دوور وڵات ..... ٦٧
پاشا ..... ٧٦
پاشا ـ م بۆ کوێ؟ ..... ٧٨
تاسە ..... ٨١
پرسیاری بێ وڵام ..... ٨٢
پەیکەری ماچ ..... ٨٣
بانگهێشتن ..... ٨٧
ئەوین ..... ٨٩
سێدارە ..... ٩٠
دیدار ..... ٩١
بەرەو لووتکەی شەیدایی ..... ٩٧
کۆرپە ..... ١٠٠
قالەمەڕە ..... ١٠١
سروودی مناڵانی کوردستانی ئازاد ..... ١٠٤
منداڵی شەهید ..... ١٠٥


www.kurdistannet.org

# مامۆستا گیان

گەورە پیاوانی جیهان
لە شار و ژوانی خۆیان
بە نیانی،
بەسەر ئەبەن
خولی ژیان،
بە هێمنیش
بە جێ دێڵن
ژینگەکەیان.
□
قورم بە سەر
گەورەپیاوی نەتەوەی مە
باوکی مرۆڤـ
- مرۆڤی نوێ -
مامۆستای ژین
ئاشتی ویستی... قەڵەم دۆستی
دڵ پڕ ئەوین
بە ناچاری
دوور لە نیشتمانی ژیا.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

دوور لە چوارچرای مەهاباد و
دوور لە هەورامانی پیر شالیار و
دوور لە زرێباری دوانزە سوارە
دوور لە
دار و بەرد و زەوین و ئاسمانی ژوانی،
لە هەندەران
بوو بە نیشان بۆ ستەمکار
بۆ خواکانی پەت و دار.
ئەنگاوترا
شەهید کرا
خوێنی گەشی
دلۆپ... دلۆپ
بەسەر هەموو جیهان تکا.
شۆڕەسواری کوردەواری
لە وڵاتی باپیرانی
«بستە خاکێکیان نەداتێ»
بۆ پشوودان
تاکو گڵکۆە پیرۆزەکەی
بێ بە ژوانی هۆگران.
لە تاراوگە
دوور لە کوردستانی دایکی
بە ئەمانەت ئەسپێردرا،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

ئەوا... ئێستا
دڵی گەورەی
لە ژێر خاکی غەریبیش دا
ئارام ناگرێ و
هەر هاواری
ئاشتی و ئازادی دەکا.

□

مامۆستا گیان!
داگیرکەران
گەرچی دەڵێن:
«کوشتمان و لێرە نەما
دەنگی کپ بوو،
کاروان شێوا!»
بەڵام
بەڵام... دڵنیا بە
هەتا دوائین چرکەی بوون
کۆتری بیرت
لە پەسارانی هەوڵماندا
دەگمێنێ،
شێری ورەت
لە دارستانی خەونماندا
دەنرکێنێ و

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

خۆشەویستیت

تاڤگەییێکە

وەك هەمیشە

لە کۆسارانی دڵماندا

دەهاژێنێ!

□

مامۆستا گیان!

تۆ نامری

تا ئەستێرە

لە ئاسمانا

سروودی نوور بڵێتەوە

تاکو ئاگر

لە ئاورگە

سروودی گڕ... سروودی سوور بچڕێتەوە.

تاکو ئاڵا

لەسەر دوندی شاخانەوە

بشەکێتەوە،

تا گوڵی سوور

بە دەم شنەی بەیانەوە

بشنێتەوە،

تۆ نامری

تا... خەیاڵێك

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

تا... قەڵەمێك

تا... ئەویندارێك بمێنێ و

حیماسەی تێکۆشان و

تراژدیای کۆچی سوورت

بۆ بەرەکانی داهاتوو

بنووسێتەوە!

☐

مامۆستا گیان!

ڕێبوارێکی ئەمەگناسم

بە عیشقی تۆ

ڕێگا ئەبڕم

بەرەو ئاسۆ

ئەز دڵنیام

ئەو ڕۆژەش دێ

دیوار بڕووخێ و

زنجیر بەزێت،

ئەو ڕۆژەش دێ

تەرمی بەرزت بێنینەوە

بۆ هەوارگەی شەهیدەکان،

پێشەوامان گۆڕ هەڵکەنێ

کفن بدڕێ و

رانك و چۆخە لەبەر بکا و

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

بەرەوپیری

تۆی هەڤال بێ!

ئەو رۆژەش دێ

لەسەر گۆڕی پیرۆزی تۆ

زانستگاییێك چێ کرێ،

وانەی خۆشەویستیی خاك ـ ی

تیا بوترێ!

☐

مامۆستا گیان

تۆ نامری

باڵات لە مەرگ بەرزترە و

لە ئاواتی ستەمکاران

گەورەتری،

درەختێکی

رەگ لە نێو دڵ دا کوتاوی

تا دێ... زیاتر بەر ئەگری

مامۆستا گیان!

تۆ نامری

تۆ نامری

تۆ نامری

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

# دیسان تیرۆر

هەر زەمانێ قەومی کورد دەرچوو لە زیللەت بوو بە پیاو
جەژنی من ئەو ڕۆژەیە نەك جەژنی قوربانی و پڵاو

مامۆستا فایەق بێکەس

لە یادی کارەساتی دڵتەزێنی یەکەمی شوباتی هەولێر

ئەو ڕۆژانەی
شەقامەکان،
لە ژێر سمی
سوڵتانە بێ «دەق»ەکانی بیابانا
ئەیانزیڕاند!
ئێمە کەڕ بووین.
ئەو ڕۆژانەی
جەلادەکان،
فیتوای لە داردانی شیعر و
سەر بڕینی ئازادییان ئەدا،
ئێمە لاڵ بووین،

ئەو ڕۆژانەی
فاشیستەکان،
خۆیان تەیار ئەکرد،
ئێمە،
سەرقاڵی
پرۆژەی براکوژی بووین
ئێمە کوێر بووین
ئاخ... ئێمە کوێر بووین!
دەنگ هەڵبڕا:
نەیارانی ئازادی
چۆن ئەتوانن
لە سەدەی کۆتایی دیکتاتۆر و
گیان کەنیشکی مەرگ پەرستی،
شکۆی پەرلمان و
سەوزی کابینە و
سەرفرازیمان ببینن؟
کەس... نەیبیست!
هاوار کرا:
یەك گرن!
ئەگینا
پشت لە بەرژەوەندی گەل و
ڕوو لە ئاسۆی دوژمن ئەکەن،

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

قەسابەکان،

لە سێبەری خۆتانەوە

نەخشەی شوومی ئاژاوە و

رشتنی خوێنی هەڤاڵانتان

بەخێو دەکەن.

کەس ... نەیبیست!

تێزاب هاتە سەما،

ئافرەت کوژرا،

پێشمەرگە سەر بڕا،

کەس... نەیدیت!

دیسان کورد و

لە بیر کردنی مێژوو،

دیسان کورد و

سانادڵی،

دیسان کورد و

گەیاندنی نەیارانی وە ئارەزوو!

دیسان تیرۆر

دیسان پیلان

دیسان

گەردەلوولی خەونی رەشی بیابان.

کێ زامی «خۆشناو» و «مەنتیک»م

کێ زامی «سامی» و «شاخەوان»م

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

**کێ زامی «سوعاد» و «شەوکەت»م**

**کێ**

**کێ**

**کێ ... زامی ئەو شەپۆلە شەهید و بریندارەم**

**سارێژ دەکات؟!**

**کێ... وڵامی**

**ئەو کیژە چاوەڕوانە ئەداتەوە**

**وا...**

**تاڵە... تاڵەی قژی**

**بە سەر بوخچەی یادگاری دەزگیرانیا**

**شەهید دەکات؟!**

**کێ ... وڵامی**

**ئەو شەهیدانە ئەداتەوە،**

**وا... هێشتا**

**شەکەتی سەمای**

**رزگاری «کەرکووك»یان**

**لە لەش ماوە؟!**

**کێ... دڵی**

**«سەفین» و«پیرەمەگروون» ئەداتەوە؟**

**هاوار... هاوار**

**خۆ... تا... ئاگر،**

**خۆ تا نەورۆز فرەی مابوو!**



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

هاوارم کرد:

دەخیلتان بم،

هەر «دوو ماڵ»م

یەك خەنەوە،

سنوورەکان

سەر لە نوێ بخوێننەوە،

با... کلیلی

هەر بە تەنیا

لە گیرفانی پەرلمان بێت!

کەس ... نەیبیست!

هۆ یادگاری شەهیدان!

بڕۆن... بلێن بە «حاجی»یان،

بە پێ دزە... وەرنە ژووری.

لە کوردستانی تینوودا

نەك چوزەرە گیایەك

دارستانێك پێشمەرگەیان شەهید کردین،

عاشقانی بەهەشتی خوا!

# یادێك له سامی

بۆ: قوربانیه گەورەکەی جێژنی قوربان: شەهیدی دلۆڤان، «سامی عبدالرحمان»

پانۆرامای هەورە شریخه و
سەمفۆنیای شنەی بەیان
پەیتا... پەیتا
له دارستانی سروودی سەوزتا
رەشبەڵەکێ لە گڕ ئەگرن.
جوغرافیای ساڵانی شەڕ،
سێبەری داربەڕوو
شەوانی برسیەتی ناو سەنگەر
رۆژانی بە گڕ ئەنفال چوونا،
له کوێستانی بریای بەرزت
گۆڤەندێك له یاد ئەگرن!
قەسیدەی کۆڵنەدەری،
جانتای پێشمەرگایەتی
«سەفین»... «قەندیل»
شاخە هاودەمەکانت

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org کوردستان نێت

**لە وەرەی پۆلاییینی بێ ئێوارەی ئەتۆ**

**ئەدوێن.**

**هۆ**

**لە بێشکەوە... عاشق**

**هۆ...**

**لە شارەوە... پێشمەرگە**

**هۆ...**

**لە باخەوە هەوراز،**

**هەورازبەزێنی خودای راز،**

**ئێستا**

**شەماڵ**

**وەکو باران**

**تابلۆی عەشقی تۆ هەڵئەگرێت.**

**هۆ... بەری**

**زانکۆی خەبات**

**مامۆستای باڵا بەرزی**

**ژوانی تینووی نەجات!**

**هۆ ئاودێری دەشتی حیکمەت،**

**هۆ گۆرانی!**

**ئێستا**



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

ئاڵا و پەرلمان

ئێستا

ژوانی وەزیران

ئێستا

دەفتەری هەڤاڵان

سەریان سوورِ ماوە!

کام دار

بکەن بە تابووت؟

کام پارچە

بکەن بە کفن؟

کام بستە خاك؟

خۆ هەولێری کوردەواری،

مەرگێکی وا ناناسێ،

سامی شاخی

سامی عەشقی

سامی نیگای

سامی حەزی

لێ بسێنێ.

کێ ئەتوانێ

لە «PDK»ی

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

بێ سامی بدوێ؟

کێ ئەتوانێ؟

لەم سەحەری ئازادی و

ژوانی سەرفرازییە،

کوردستان بێ سامی ببینێ؟

شێری ناسراو

بارزانی جیهان هەنگاو

پەرێشانە،

هەستن... بڕۆین بۆ دیداری

پێشەوا قازی میوانە!

□

هۆ... تا... هەمیشە پێشمەرگە!

پانۆرامای هەورەشریخە و

سەمفۆنیای شنەی بەیان

پەیتا... پەیتا

لە دارستانی سروودی سەوزتا

رەشبەڵەکێ لە گڕ ئەگرن!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

# سەدەیەك خۆشەویستی

**لە یادی سەدەمین ساڵی لەدایكبوونی بارزانی نەمر**

**١٤ی ئاداری ٢٠٠٣**

كاتێ
شۆڕشی مەلیك مەحموود
بە پیلانی داگیركەران
كوژایەوە
لە چیاكانی بارزان
شۆڕەسوارێك ئازایانە
شۆڕشی هەڵگیرسانەوە.
تا زامی شكستی «شێخ»
لەبیر «بازیان» بباتەوە!
سەرهەڵدانی ئەم قوتابییەی ئەحمەد خانی
دڵی نەیارانی تەزاند،
لەم پێناوەش
چیاییەكان
تەمی قورسی رەنجیان رەواند.
سەری هەڵدا

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org كوردستان نێت

بۆ... بەتاڵکردنەوەی
نوشتەی نەحسی نەیاران
سەری هەڵدا
بۆ چرپینی گۆرانی سەربەستی و
سەرفرازی گەلی کوردمان.
بۆ گەیشتن بە ئاواتی
چیاکانی نیشتمانی
کرد بە هێلان.
سۆزی شمشاڵی بارزانی هەزاران
بێزار لە ژینی دیلی
هێنایە چیاوە.
سۆزی شمشاڵی بارزانی
گەلپەرستانی
لە دەوری یەك كۆ كردنەوە
هەتا وەکو... پڕ بە گەروو
سروودی بەرزی «ئەی رەقیب» بڵێنەوە.
سەری هەڵدا
ئەم نەبەز و ناودارەی کورد،
دەڵەدێوەکانی بەغدا
دڵیان تەزا!
سەری هەڵدا
ئەم سەرکردە و سەردارەی کورد،



KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

شانەگریسەکانی تاران
پشتیان شکا!
سەری هەڵدا
ئەم پێشەنگ و پێشڕەوە خۆش ئاکارەی کورد
لە قەسابخانەی باکوور
ئاسۆی بیری کوردکوژ رووخا!

□

کاتێ
لە کوردستانی رۆژهەڵات
کۆماری کورد دامەزرا،
لە چیاوە
خۆی گەیاندە مەهاباد
هەتا وەکو
وەك گلێنەی چاوەکانی
کۆمار بپارێزێ.
ئێستاش
دار و بەرد و
ئاو و خاکی مەهاباد - تم
چیرۆکی گیانبازی و
پیاوەتی بارزانی دەگێڕنەوە
کاتێ
رەشەبای تووش

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

له مۆسكۆوه هه‌ڵیكرد و
ئاڵای كۆماری كوردی برد،
زۆری هه‌وڵدا
تا... پێشه‌وا ده‌رباز بكا
كاتێكیش دادگه‌ی سه‌حرایی
بۆ مه‌حاكمه‌ی قازییه‌كان
ده‌رگای شوومی خسته سه‌ر پشت و
بارزانی... به بێگانه زانی!
پێشه‌وا قازی شه‌هید
بێده‌نگ نه‌بوو
نركاندی و
به گژ سته‌مكاران دا چوو
چلۆن ده‌كرا
بارزانی
به هانای مه‌هاباده‌وه نه‌یت
چلۆن ده‌كرا
له دادگای ڕه‌شی دوژمن
پێشه‌وا قازی محه‌مه‌د
له حاندی
بێ حورمه‌تی به بارزانی
بێ ده‌نگ بێ
با... تا سێداره‌ش

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

تەنیا یەك هەنگاو مابێ!

□

ئێستاش

لە ساڵی چاوپشکوتنی قازی دا

هەولێر و سلێمانی سەما دەکەن و

لە ساڵی چاوپشکوتنی بارزانی دا

سنە و مەهاباد.

□

دێ... دێ

بۆنی «قەڵا» و «گردی سەیوان» دێ

دێ... دێ

بۆنی پێشمەرگە دێ

دێ... دێ

عەتری نیگای ئەم شێرە کوێستانییە ئاوێتەی

شادمانی کوردی سەربەست ئەبێ،

تەماشاکەن

ئاڵای شەکاوە

لەم جێژنەدا

چۆن مەستانە شایی ئەکا و

قاقا... پێدەکەنێ.

□

هۆ سەرفراز!

کوردستان نێت www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

له بەهاری نەوەت و یەك دا
خۆیندکارانی زانکۆی چیا
سەریان هەڵدا
ئەنفالچی و
قەسابانی هەڵەبجەیان
له کوردستانی باشوور وەدەر نا!
ئێستاش
له کاتێك دا
بەرەو پیری سەدەمین ساڵی له دایکبوونت دەچین
پەرلـمانی نەوەت و دوو ژیاوەتەوە،
بۆنی هەڵپەرکێ و مۆسیقا
بۆنی سروود و گۆرانی
بۆنی شیعر و
هێوری عەبدوڵلا پەشێو
بۆنی شارەزوور و دەشتی هەولێر
تێکەڵن و
شایی یادی تۆ ئەگێڕن.

□

هۆ خۆشەویست!
ئێستەکانە
ئەم یادە پیرۆزەی تۆ
شۆڕشی کوردایەتی بەرپا ئەکا،



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

کوردستانی گەورە و مەزن ـ م

لێورڕێژی هیوا ئەکا.

ئێستەکانە

پەرلمانی کوردستان

رووگەی نەتەوەمانە،

ئێستەکانە

یادی سەدەیەکی خۆشەویستی

لە کوردستانی بێ نەیار

شیعرە، سرودە، ژیانە!

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

## پرسیار

قژەکانم!
بۆ بە پەلە
بە جێ دێڵن شاری سەرم؟
ـ لەو کاتەوە
سێبەری سەوزی شۆڕەسوار
لە سەر سەری ئێمە نەما،
سەمفۆنیای کۆچ
لەم شارەدا
سەری هەڵدا!

# شەهیدستان

کاتێ

« سەربازی ون[1] » دەخوێنمەوە

نمە... نمە

لە بارەگای ئەم شەهیدستانەدا

دەتوێمەوە،

ئیمان دێنم:

ئەبێ مرۆڤـ لەم هەرێمە

بە هێمنی

هەنگاو هەڵبێنێتەوە

ئیمان دێنم:

کەم وڵات بێ لەم جیهانە

لە شەهید و قوربانی دا

لە وڵاتی «پەشێو» بکا.

□

کاتێ

---

١- ناوی شیعرێکی عەبدوڵلا پەشێوە.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

«سەربازی ون» دەخوێنمەوە

لەت لەت ئەبم

لەتێکم

بەرەو ژوانەکەی قازی،

لەتێکم

بەرەو «قەڵا»ی عاشقان

لەتێکم

بەرەو شاری خامۆشی

مناڵە برسییەکانی کەرکووك

لەتێکم

بەرەو چیا سەرکەشەکانی باکوور

لەتێکم

بەرەو مەڵبەندی «جەماڵ عەبدۆ»[1]

ئەوانی دیش

بەرەو باژاڕێ دەچن

کە شەهیدیان تیا ئەژیت

□

کاتێ

«سەربازی ون» دەخوێنمەوە

دە بم بە بۆمبای نێو کاکڵ،

---

١- جەماڵ عەبدۆ هونەرمەندێکی کوردی خەڵکی کوردستانی سوورییە.

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

له دەروونی ستەمکاران
ئەدەم لە قاقای پێکەنین!
دەبم بە رەشەبا،
گەڵا...گەڵای درەختە بێ رەگەکانیان
بە سەریانا ئەوەرێنم.

□

کاتێ
«سەربازی ون» دەخوێنمەوە
هاوار ئەکەم:
له کورستان
گوڵ بە سینگی ئاسمانەوە
بنووسێنن![1]

١- بیرمەندێک دەبێژێ: گوڵ لە سەر دەریا دانێن

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

# سلێمانی

سالّەها بوو
تامەزرۆی دیتنی
ژوانەکەی شێخ مەحموود بووم.
سالّەها بوو
خەوم ئەدی
بە مەلّبەندی شیعر و ژیانەوە
خەوم ئەدی
بە «مامە» و «گردی سەیوان»ەوە

□

لە قامووسی بیری منی لێوەدا
سلێمانی
قوتابخانەی خۆشەویستی نیشتمان و
کەژاوەی سووری سەرهەلّدانە،
مەکۆی پێشمەرگە و رووناکبیر و
خوێندوارانی لێزانە.
لە فەرهەنگی نیگای چاوما

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

سلێمانی،

تابلۆیێکی رەنگینی هاونشینی بادینانە.

□

رۆژ لە دوای رۆژ

مانگ لە دوای مانگ

ساڵ لە دوای ساڵ

باڵای تاسەم بەرزتر دەبوو،

هەتا وەکو

لە کۆتایی سەدەی بیستەم

«راپەڕین» لەدایك بوو.

جەنگەی شەوێکی گەلاوێژ

من و خەون و بریاکانم

سنووری دەسکردمان بەزاند

بە دەم پێکەنینی ئەستێرەوە:

بەرەبەیانی

لە ئامێزی سەوزی گرتین

- شینە شاری خەونەکانم -

سلێمانی.

ئۆخەی نەمردم و

«سلێمانی»م دی

نەمردم و

هەواری شیعر و گۆرانیم دی،

کاتێ دیتم
بێ جەلاد و
بێ زنجیر و زیندان دیتم
هۆ سلێمانی!
هۆ شاری خۆشەویستی کوردستانی
لەم بەهارە دیدارەدا
سوێندت ئەدەم
بە «قەڵەم» و «شێرکۆ» و «قەڵا»
قەت قەت دەستت
لە نێو دەستی هاوارِازەکەت
- هەولێری هوڵاکۆ بەزێن -
دەرنەهێنی،
نەوەك
بزەی لێوی دایکی شەهید
بتارێنی!
سوێندت ئەدەم
بە ئازادی
خەمی دیلیی هاوخوێنانت - لە کەرکووك -
لەبیر نەکەی
دڵت لێ دا بۆ منداڵ و
بۆ شەهید و
بۆ سەمای گڕی نەوتەکەی.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## حەسرەت

وەدەرمان نای لە جێ ژوان
لە وێشەوە
بۆ هەندەران،
هەر خۆمان بووین
نووشتەی مەرگمان بۆ نووسیت و
تابووتمان
بۆ داتاشیت،
ئاخ... گەردەلوول بوو
نەماننناسیت!

# غوربەت

شەوە

چ شەوێکی دێرین ساڵە

لە هەرێمی کۆتر و بزە

بەهار... بە دەستی دێوزمە

زەرد هەڵگەڕا!

زستان

- تازە بووکی خەونەکانم -

غەریبانە

بەرەو کەژاوەی تەنیایی رفێندرا!

هاوین

دوکتۆرم بێ دەرمان!

هاوین

دوکتۆرم بێ دەرمان!

□

لەم زەوینە خڕەدا

هەر منم

چوار وەرزم

خەزانی لێ ئەبارێ.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

هەر منم
بە چاوانی پڕ لە هاوار
بۆ «چرا»کانم ئەڕوانم
ئاخ... هەر منیشم
جانتا... جانتا خاکی ژوانم ئەفرۆشم،
باوەش... باوەش گوڵەگەنم
ئەسووتێنم،
ئاخ... چ رۆژگارێکی ئاستەمە
هاوخوێنی بێ مانایە و
هاودڵیش ئەفسانەیە و
بەرد تەنیاترە لە داربەڕوو!
با... هەڵەبجەش زامەکانی بلاوێنێ
با... مەهاباد لە حەسرەتی سێ ئەوینا
گۆنای وێرانی داڕنێ.
با... غەریبیش شۆڕەسوارم ئازار بدا
گلەیی لە ناکەس ناکەم
لەم غوربەتەدا
نان...
هێند مەزنە
شەرەف... مێژوو
خاك... خەبات
لەناو بۆنیا نوقم دەکات

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

## شەهید

شاعیرێك

قەڵەمێك و دەفتەرێك

باوەشیان کرد بە یەکتردا،

لە هەرێمی خۆشەویستی

شەهیدێك تر

سەری هەڵدا!

# زریکەی ژوان

ئێوارە بوو
بۆ دیداری گوڵەگەنم
ڕێگام بڕی بەرەو مەزرا،
دیتمەوە،
توند... توند باوەشم پیا کرد
تاڵە... تاڵە قژەکانیم
دا ئەهێنا،
زریکاندی،
لەگەڵ ئەوا
درەخت و گیا
چۆم و ڕووبار
دەشت و چیا
شینیان گێڕا.
پرسیارم کرد: چ قەوماوە؟
نەرم وتیان:
غەریبێکی دیکە نێژرا!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## گەمیەی رۆح

کاتێ
گەمیەی رۆحم
لە زەریای تۆخی رۆژەوە
ئەگاتە رۆخی سەوزی شەو
لە بەندەری دڵی لێوەم
لەنگەر ئەگرێ،
ئەوسا... منیش
دەپێش چاوی ئەستێرەکان
حیکایەتی شەپۆلی ژین
دەنووسمەوە
بۆ سبەینان.

كوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

## نامەردی

دەمێك ساڵە دەتناسم

دەس هەڵگرە

ئیتر بەستە،

قەحبەش

نامەردیی پێ پەستە!

# هەڵەبجە

من لە خێڵی عاشقانم
نیشتمانی کۆست کەوتوو دایکمە و
خەنجەر و قەڵەم برامن و
ئەستێرە و
مانگ و خۆرەتاو
خوشکم.
- نیشتمان دایکمە و ئائینمە -
شەهید بوونی هەڵەبجەم
بۆ دایکم ئەگێڕمەوە،
تا جارێکی دی
پرچی سپی دابهێنێ،
تا... بە دەست و پەنجە شەیداکەی
٥٠٠٠ کراسی کوردی پووڵەك زێڕین
بۆ ڕێبوارانی بدورێنێ.
□
هۆ شارە سەر گۆنا نەختێ ئاڵەکەم!
فریوو نەخۆی

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

باوەش
بۆ شمشێرە خوێناویەکان نەکەیتەوە
کۆتەڵی درۆ و نەفرەتن
سەمبوڵی خیانەتن.
□
هەڵەبجە گیان!
شەهیدیان کردی
تاکو باوانی شێعر بڕوخێنن،
نەیانزانی
هەر شەهیدێکی ئامێزت
دەیان دیوانە شیعر بەدی دێنن!
شەهیدیان کردی
تاکو ئەندامانی نیشتمانت بترسێنن
نەیانزانی
لە بەهاری نەوەت و یەك دا
تەخت و بەختیان دەشێوێنن،
هۆ پێدەشتی شیعر و سەما!
ئێستەکانە
خوێنی گەشی رۆڵەکانت
بەیداخی لووتکەی شاخانە
بەڵگەی حاشاهەڵنەگری
جینۆسایدی میللەتمانە!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

# ئەسپەشێ

ئەویندارانǃ
ئەو ئەسپەی وا
لە سەر دوندی
قەندیلی ئەوینەوە دەحیلێنێ
ئاسمان تەماشای دەکا و
ئەستێرە پرشنگی نوور
بە سەر یاڵی پەرێشانیا ئەبارێنێ،
لە تاراوگە هاتۆتەوە،
هەتاوەکو
بین بە وێن پێی سوارەکەیەوە بنێ.
هاتۆتەوە
هەتاوەکو
دەگەڵ خاکی سوور و
پرچی سپی کیژان و
بەرەبەیانی سەوز
پەیمان نوێ بکاتەوە.
ئامان... ئامان
دونیای حەزی مەشیۆێنن.
ئاشنایە،
دەیناسێنم:
ئەسپی یادگاری مێژووە
ئەسپە شێەکەی دوور کەوتووەǃ

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

## دەنگ

ئەگەر هاتی

رووبارێك قەسیدە بێنە،

با...

پرچی پەرێشانی خاك

ژیر كەمەوە.

خۆت بسپێرە

وە باڵی نەرمی پەپوولە

با...

شەهوەتی كازیوە

كەلێنی رۆح

جێ نەهێڵێ.

دڵۆپە نیگای پیرە حەز بێنە،

با...

هەزاران هەوای هەڵوەدایی

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

شاباش بکەم.

شەهید نەبێ

شووشەی دڵت،

بێ پێناسەم.

ئەگەر هاتی

لەچکە گەڵای باران نەدیتوو بێنە

سەرگەردانی گوشینی قومێك سێبەرم

پەیکێ پەیڤی پەرواز بێنە،

با...

پرمەی گریانی داربەڕوو

لە کاسێتی کپی کوێستان

بگوێزمەوە...

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

## رەنگ

رەش،

پاشای رەنگە و

بیابان دەگێڕێتەوە،

پەلکەیێك رەنگی ژیان

رۆژیارێکی

پەڕ دەرکردوو لە شایی،

خۆمی پێ ئەبەخشم

تا...

رەنگم

گۆرانی بچڕێ

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

# کەرکووك

«کەرکووك دڵی کوردستانە»

مەلا مستەفا بارزانی

شاری رووگە

شاری بریا

هەر دوو دەستی ئاوەڵا بووە.

باکووریّك لە خەونی پاك،

مەهابادیّك لە چوارچرا،

تاراوگەییّك لە شەهید،

کاروان... کاروان

کەوتنە ریّگا.

چ گۆڤەندیّکی پیرۆزە

چ شاییەکی رەنگامەیە،

ئاڵا... چۆپی،

چۆپی کیّش...

شەهیدیّکی سەرکردەیە!

□

شیعر ئەپرژیّنن

لە رەنگ،

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

«عەبدوڵڵا پەشێو» و «شێرکۆ»،
دەنگ، دێتە سەما
چونکە
«حاجی» و «ئەحمەد خانی»
هاتنەوە گۆ،
تەماشا کەن... تەماشا کەن
هەورامان وەك مەهاباد،
شایی ئەگێڕێ،
مەریوان وەك درسیم
پێئەکەنێ،
کرماشان پڕ بە گەرووی سنە
ژیانەوە
دەچڕێتەوە.
دەروازەی شاری شعوور
دەکرێتەوە،
دوو دڵییەکان
ئەتوێنەوە.
چاوانیساڵەها
قەتیس ماو لە فرمێسکا،
ئەژینەوە،
هەر دووماڵەکەی باشوور
لێوە ئەبن،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

پەل ئەکوتن،
یەك گرنەوە.
دوو گۆنای شاری حەزم
سوور ئەڕوانن
وەك ئەستێرە،
١٨٢٠٠٠ پەپوولەی پرۆژەی ئەنفال
نەمریی دەڵێنەوە.
تەماشا کەن ... تەماشا کەن
«شێخ سەعید»
بە ئاگرییەوە هاتووە،
«مەلیك مەحموود»
دەوڵەتی عەشقی لەگەڵە،
«پێشەوا»
بە ئاڵاوە
«سمکۆ»
بە پیانوو... و... رۆژنامەوە هاتووە،
هەڵۆی شاخی بادینانم
چەند تابلۆی سەفەری «ئاراس»ی
هێناوە،
ئەمە رەشبەڵەکی
بیری نەتەوەیی کورد و
نیشتمانێکی لەت لەتە،

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

ئەوەش
قەسابەکەی تکریتە
زەلیلانە چاوەڕوانی مەرگە!
چاو لێ بکەن،
ئەوەش فڕۆکەی «Kurdistan Air»ە
شاباشی ئاسمان و
گوڵبارانی
سپێدەی خەونی یاران دەکات،
چ سەربەستە!
شەماڵەی ئاگرینی بابەگوڕگوڕ
کەش و هەوای بێ داگیرکەر،
قژی تۆز ئاشنای
هەڵۆی کوێستان هەنگاو،
ئەلاوێنێ،
رۆژباش
«قەندیل»یەکان
رۆژ باش
ئەویندارانی وڵات،
بڵێن بە «خانی بایەزید»
ئەوا...
«کەرکووک» جلی ئازادی لە بەرە و
میوانانی بەڕێ دەکات!

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

# ئاشتي

ئەو دیوارە کە دەیەوێ
«گرد» و «قەڵا»
لێك ون بکا
بیڕووخێنن.
ئەو زمانەی کە دەیەوێ
ئاگری شووم بەرپا بکا،
ئاگاداری بکەنەوە،
لە سایەی خۆشەویستی نیشتماندا
بیحەوێنن.
هاو خوێنەکان!
کارێ بکەن براکوژی و ناسنامەکەی
بۆ هەتایە بسڕێتەوە،
کارێ بکەن
شەهیدەکانی ئەو ئاستە
هەستنەوە و یەکتر ماچ کەن
ژین ببەخشن بە کوردستان.
هاو خاکەکان!
دەخیلتان بم
کارێ بکەن
حاجی قادر
رانك و چۆخە لە بەر بکا و

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

بێتە سەردانی پەرلمان.
ئەحمەد خانی هەستێتەوە و
بڵێ: ئۆخەی بۆ شکۆی سەمای
شارەزوور و بادینان.
هاوخەمەکان!
کارێ بکەن،
کەرکووك
جانتا هەڵگرێت
هومێد بگرێتەوە باوەش
کراسی خەم دادڕێت.
هاوخەونەکان!
کارێ بکەن،
لە بەر ماڵێ هەر کوردیکێ ئەم هەرێمە!
کۆتر بدا لە شەقەی باڵ
ناهومێدی خاشەبڕ بێ و
دوور وڵاتان بێنەوە ماڵ.
بە قوربانی نیگاتان بم
ئەمڕۆ وڵات
سەرزەوینی پڕ مەرگەسات
«تینوویەتی بە گڕ ناشکێ»
تینوویە... تینووتر لە هەمیشە و
تینوویەتی
بە ئاشتی و ئاشتی دەشکێ!

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

## ناهومێدی

تورەم

له خۆم

له خاك و خوێن

کەچی دەڵێن:

ناهومێدی

سەرەتای

بیرێکی تازەیه!

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

## پیلان

دەیانەوێ

لە ساڵە شیعری «پەشێو»دا

ئالاَ بسوتێنن،

لە ساڵە یادی «حاجی»دا

ئازادی.

سەرفرازان!

لێ نەگەڕێن

لە ساڵە بیری «خانی»دا

بە ئالاَ و ئازادی

گۆڕستانێك بخولقێنن.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## ڕێبەندان

له فەرهەنگی بیری منا

زستان:

وەرزی پێکەنینی رۆژیار و

هەڵپەرکێی گوڵە گەنمە،

با... هاوینیش

۲۲ هەزار گوللەی

بە دڵمەوە نابێ!

ئێستاش... خەونەکانم

هەر بۆنی ڕێبەندان ئەدات.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

## وڵام

ناوێرم لە ئەوین بدوێم

ناوێرم

وەك مرۆڤێکی سەربەست

لە ژین بدوێم،

تاوانبارم،

تاوانەکەم...هێند گەورەیە

لە هیچ بێدادگاییێکی جیهان نەبەخشراوە،

ژوانم

وەکوو دڵی ئەویندارا ن

لەت لەت و کون کون کراوە!

# سرووودی سەرکەوتن

هۆ هەڵۆ!

هۆ پڵەنگ!

هۆ ئاگری مەیدانی جەنگ

لێ نەگەڕێی داگیرکەران

نیشتمانت بتاسێنن،

لێ نەگەڕێی

گوڵەکانت بژاکێنن.

تۆ... پێغەمبەری تێکۆشانی

مەشخەڵی نەسرەوتنی

قاسپە قاسپی بەربەیانی.

هەستە... گیانە

هەستانی تۆ خەم رەوێن و

جوانترین موژدەی ژیانە!

هەستە...

باوەڕ بە هێزی خۆت بێنە

وشکەداری بەڵێنی نەیاران



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

له ریشه‌ڕا ده‌ربهێنه.

هه‌سته... هه‌سته

ئه‌ی باشترین رۆڵه‌ی وه‌ته‌ن

ئه‌ی تا هه‌میشه خۆشه‌ویست!

که‌ژاوه‌ی تۆ

جه‌رگه‌ی خه‌باتی ره‌واته

سه‌یرانگای تۆ

گۆڕستانی داگیرکه‌رانی وڵاته!

عیشقی گه‌لت له دڵدایه

شه‌هید: پێشمه‌رگه‌ته و

وه‌کو چیا له‌گه‌ڵتایه.

هۆ پێشه‌نگی ئازادی!

هۆ شه‌ماڵی مزگێنی!

تۆ: پێشمه‌رگه‌ی

تۆ: سروودی سه‌رکه‌وتنی!

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

## پایز

که پایز دێ له هه‌نده‌ران
شاعیره‌کان... هونه‌رمه‌ندان
بۆ سه‌رخۆشی له دره‌خت
رێ ده‌که‌ون بۆ دارستان،
که‌چی لێره
راگوێزانی منی شه‌یدا
ده‌ست پێ ده‌کا
له ماڵه‌وه
به‌ره‌و فێرگه‌ی «قانع»ه‌کان!

کوردستان نێت
KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

# ئازادی

«ئازادی... ئازادی»

**ئاوازی شێتێک لە سنە**

**هۆ ئازادی!**

**ئێستە ئەزانم**

**چەند مەزنی**

**چونکە سروودی سەرزاری**

**شێتەکانی شارەکەمی!**

# نەفرەت

میدیا!
ئێستا کە تۆ
شاعیریت و
بۆنی بەفری کوێستان ئەدەی
ئێستا کە تۆ
خەمخۆریت و
خەمی بڵیندی چیاییەکان دەتباتەوە،
لە ناخەوە
«ئاخ... نیشتمان» دەچڕیت و
ئاگری ئەوین
بە بەیداخی وڵات دەکەی،
ئەز میوانم
میوانی رەزاسووکی هەوارەکەت،
گۆرانی
بۆ شێتی شیعرت ئەڵێمەوە،
رۆحی یاخیم
سەما دەکا
بە دەم شنەی روانینتەوە.
تۆ دەمناسیت و
دەمناسیت و
دەمناسیت،

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

ئاسکی رۆحت
لە پانتاوی خەونی منا
تاو ئەدەیت و
لە ژێر چەتری بەیانی دا
دەگەیتە خێڵی شیعری من، میدیا!
دەتمناسی و
نەمدەزانی
بە ئاخێکی توولانی
هیواکانم... بریاکانم
دەتاسێنی!

□

وام ئەزانی
رۆحت ئاوێتەی شێعرە
ساڵەها بوو خۆشم ئەویستی
خۆشەویستیت،
بوو بە درەخت و
لە ناو دڵما رەگی کوتا،
بوو بە بەفر و
کوێستانی شیعری داپۆشیم،
بوو بە برووسکە
بۆ شارەکەتی بانگ کردم.

□

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

هاتم

رازی دڵی شەیدام درکاند.

□

بریا... هەرگیز

ئەو نەهێنیەم نەدرکاندبا،

ئاخر... بە چاوی خۆم دیتم

تەپوتۆزی وێرانەی کۆشکی غروورم.

لەت لەت بوونی

دڵی شیعرە سەر خۆشەکانم

بریا... هەرگیز نەمکوتبا:

«پاشای هەرێمی دڵی منی»

ئاخر... بە چاوی خۆم دیتم

حکوومەتی شیعرەکانم داگیر کرا،

کورسییەکانی

پەرلمانی خۆشەویستیم

سووتێندرا.

□

لەمەودوا

رەنج پاشکۆی ژینی منە و

حەسرەتیش هاوڕێی ئەبەدی تۆ

میدیا!



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

# مەشخەڵ

بۆ هاوڕێم «سەیران تەوحیدی»

شار کش و مات

زرێبارە و چاوەڕوانی،

لە هەواری تەنیایی دا

کام زام مروور دەکەیتەوە؟

شەو خەریکە

شار جێ دێڵێ

- نە ... وا تێ مەگە،

شەو

بەم زووانە

لە ژوان نابێتەوە!

هێشتا شەوە

شەو، خەویشی قریو داوە —

هاوڕێم!

ئەو پەژارە دەتسووتێنێ،

- چاك... دەزانم

بەڵام رێبوار

بێ مەشخەڵ بۆ کوێ بچێ!-

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

# کالیسکەیێك لە تکا

بۆ هاوڕێی شاعیرم: ئازاد رۆستەمی

بۆ کوێ... بۆ کوێ؟
ئەی رۆحی سەرکەشی شیعر!
چەند رۆژێکە
شەپۆلەکانی زرێبار
وەکو جاران
شیعرەکانم نادوێنن،
قەتاری خۆر
هێور... هێور
جێ ناهێڵێ
ئاسمانی خەونەکانم.
ئەی باڵا بەرزەکەی خێڵ!
ئەلبۆمێکی پیرۆزە
دیمەن دیمەن شیعرەکانت،
هەتا دیدار، هەڵیان ئەگرم.
ئازیزەکەم!
کالیسکەیێك لە تکا
بەڕێوەیە:
خەونی ژوان
لەبیر نەکەی
ئەگینا
خۆت و شیعر و نیوشا
نامێننەوە
لە ناو مێژووی عاشقاندا!

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

# گومان

«کورد و خودا لـه یەك ئەچن»

شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس!
خودا
هەزاران دۆستی هەیە
بە نیازی ڕاموسینی
کوڵمی گەشی حۆرییەکان
دەستی سەودای بۆ هەڵدێنن.
کەچی کورد
لە گشت لاوە
سێدارەی بۆ دەسازێنن!
شێرکۆ!
شێرکۆ!
کورد و خودا لە یەك ناچن،
کورد و خودا لە یەك ناچن.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## باڵوێزی شەوەزەنگ

... هات

بە جانتاییێکی لێوڕێژی بەڵێن و

سیماییێکی ئاشناوە

لە دەرگەی دا

دڵم وتی: «بۆی مەکەوە»

شیعر وتی: مەگەر ئەتۆ

«کۆسە»ی[1] پەشێوت نەخوێندەوە؟

لە دەرگەی دا

دەستم شێت بوو

دەرگەی بۆ کردەوە!

هاتە ژورێ لێو بە بزە.

- ئەمن

موژدەی سەوزایی و

ماچ و شەرابم بۆ هێناوی،

---

١- کۆسە: شیعرێکی عەبدوڵلا پەشێوە.

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

بڕیار ئەدەم!

زامەکانت سارێژ بکەم.

پرسیم:

سیمات... لە عاشق کوژ دەچێ!

ئەمن چۆن بڕوات پێ بکەم؟

- بریاڕ ئەدەم

بتکەم بە بێ خەمترین مەجنوون

لە خۆشیا

چەپڵەم لێدا!

□

شەو

ڕەشتر... قورستر... هێدیتر

تێ دەپەڕێ!

ئەپەڕێ!

ئێستا

خەریکم زمانی سیحر

فێری پەنجەکانم ئەکەم

نەوەك جارێکی دی

فریوو بخۆن!

# یاد

خۆشەویستم!

لەو رۆژەوە

زریان،

دڵی کردم بە هێلانەی هەڵۆی بیرت،

گریان،

بەرەو کوێستانی خەونەکانتی بردم،

لەسەر کاسێتی رۆحم

گۆرانی چاوەڕوانی

تۆمار دەکەم.

تۆ... ئەستێرە بووی

لە یەکەم هەنگاوی بەفرا

سەرت هەڵدا،

لە کەژاوەی گلاوێژدا

گۆچ کرایت و

لە رێبەندانی پڕ پیتا

چرۆت دەر کرد.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

ئاخ... له یەکەم شەقامی هاوینا

بەجێت هێشتم!

ئەمڕۆ

نامەردیی سفرەیێکی شاهانایە

بازاڕی هەوەس گەرمە و

ئەوین ئاوێتەی ئەفسانەیە!

دڵنیا بە

هەر عاشقەکەی جارانم

دەریا... دەریا

یادت دەکەم،

نمە... نمە... دەتخۆمە.

www.kurdistannet.org

# دوور وڵات

بۆ: «چنوور»ی چیای خۆشەویستیم

**جیهانێك**
**لە تەنیایی دەوری داوم،**
**شەراب مەستم ناكا،**
**شەقام تەی ناكا، هەنگاوم.**
**لێم گەڕێ با:**
**لە حەوزی چاوەكانت،**
**دەسنوێژی هەڵگرم،**
**لە سەر بەردەسپی گۆنات**
**نوێژی ئەوین بخوێنم.**
**لێم گەڕێ با:**
**بە شانەی پەنجەی پڕ حەسرەت**
**تاڵە... تاڵەی قژەكانت**
**دابهێنم،**
**لێم گەڕێ با:**
**شەرابی یادت مەستم كا،**
**«مەولەوی» بە جێ بێڵم.**
**هۆ گوڵە گیان!**

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

پەرێشانی
ولاتی بێ خەوشی رۆحی تەنیووی،
لێم گەڕێ با:
بم بە شنە بای عەشق و
تەم و مژ بتارێنم.
☐
هۆ لەیلەکەم!
ئێستا
ژوان،
هەموو شەوێ
ئەلبۆمی بریاکانت،
بۆ ئەستێرە و مانگ
دەکاتەوە.
هەوار
پەیتا... پەیتا
سەرفەرازیت
بۆ کازیوە و تەنیایی
دەڵێتەوە.
هیچ... دەزانی
شاعیری دەرباری خۆشەویستی خۆتم،
کەلێنەکانی عاتیفەت
دەمناسنەوە،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەدی بۆچی
ئەو غوربەتە
رائەمووسی و
ئاورێك نادەیتەوە.
ئەوەتانێ
خەونەکانت
بۆ خاتوو مێژوو دەهۆنمەوە،
گیانم کردووە بە رۆخی ئەویندارییت،
ئەتدوورێنم
بە شیعرەوە.
رەشەبای ناهومێدی
جار و بار
رووم تێ دەکات،
زۆر ئەترسم،
پێش ئەوەی زامەکانت بتارێنم
بمدوورێنێ
بە کفنەوە.
□
تۆ...
لە سەحەرەوە هاتووی،
تۆ...
لە شاری هەورەوە هاتووی.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

تۆ... موژدەی

لە ئاوێستاوە هاتووی.

تۆ...

لە کوێستانەوە هاتووی.

ئاخ... چەند تینووی دیدارتم!

□

هۆ سوڵتانی مەملەکەتی خۆشەویستیم!

بەری بەیان

کاتێ رۆژیار

قژی چیا دائەهێنێ،

ئێوارانە

کاتێ رۆژیار

وەك کیژۆڵەیکی نەشمیلان،

چاو

لە شار ئەقرتێنێ،

شەوانە

کاتێ مانگەشەو

ژوورێکی هەژارانە ئەڕازێنێ.

نیوە شەوان

کاتێ... شار

ئارام ئەگرێ

شیعر

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

سەری کڕنۆش

بۆ دلۆڤانیت دائەخا و

قەڵەم

خۆشەویستی درێژە ئەدا،

دڵی هەڵوەدام

ئەتلاوێنیّ.

☐

هۆ دوورەکەم!

چاوم لێیە،

پێکەنین

دێتەوە لات،

چاوم لێیە،

فریشتەی ماندووی حەزت

گیانی تازە لە بەر ئەکات.

☐

هۆ ڕۆحە یاخییەکەم!

ئێستا

منی گۆشەنشین

منی تەنیا

جیهانێکم لە قەسیدە،

بۆ کورت کردنەوەی ئازاری تۆ

شۆڕشێکم

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

خولقاندووە!

ئەگەر هاتم

زۆر دڵنیام

چراخانی چاوەکانت

دێن بە پیری نیگامەوە،

ئەگەر هاتم

زۆر دڵنیام

هیواداری

دەزێتە نێو قەڵای بریامەوە.

ئای... چەند خۆشە

هەڵمژینی عەتری خەون و

باڵەوازە بوون

لە مەملەکەتی گۆرانیدا.

☐

هۆ شاژنی شیعرەکانم!

کە سەر ئەنێمە سینگتەوە،

گوێم لێیە:

کۆرپەیەکی رەزاسووك

رائەجوێنێ.

کە سەر ئەنێم بە سەرتەوە،

گوێم لێیە:

باوەڕت، عەشقم

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

ئەدوێنیٚ.

□

هۆ گوڵە گیان!

ئەم ڕێگایە ئەبەدییە،

نابڕێتەوە...

گەریش مردم،

شیعرەکانم

هاوڕازتن،

زیندووی... زیندوو

دەمێنیەوە.

گەریش مردم

مۆمی یادم لە دڵتایە و

«نەمری»م دەچڕێتەوە.

وەفا... ئایەتێکی

هەتا هەمیشە دیارە،

وەفاداری ئۆستوورەیە و

ئەم ڕۆمانە نابڕێتەوە

نابڕێتەوە

نابڕێتەوە...

□

هۆ پاکترین تابلۆی ئەوین!

دڵنیا بە

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

چیتر... غوربەت ناتوانێ
ئازارت بدا،
خەم... ناوێری
رووت تێ بکا...
چوونکە... ئێستا
تۆش عاشقی!
□
هۆ دارستانی ئیلهام!
شەوە
ولآت بێدەنگ،
تریقەی پێکەنینت
میوانمە،
ئەیدوێنم.
نیوەشەوە
ئاوازی بێدەنگی نەبێ،
دەنگێ نایە،
شەرمی نیگای یەکەم دیدار
میوانمە،
هەواری
پێ ئەڕازێنم.
تاریك و روونە
هێمای پەنجەت

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

میوانمە،

دەستت ئەخەمە نێو دەستی

رۆژیارەوە

تا...

بەرزی بالآت ببینم.

☐

بەفر...

بە پێ دزە پێ دەشت

بە جێ دێڵێ،

ئەوا... منی ئارەزوومەند،

لە تان و پۆی شیعر و ئاوات،

سووخمەی سوور و

کراسی زەرد و

شاڵی سەوزت

بۆ ئەدوورم،

نەورۆز بەڕێوەیە،

زۆر دڵنیام

لەمەو دوا

«ساڵ»مان نەزۆکی پاییزە

بەردەوام... نەورۆز

ئەبینم.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

# پاشا

تۆ

بووی بە پاشای هەرێمێکی زام ئاشنا و

وێرانکراو،

بووژاندتەوە

زامەکانت سارێژ کرد و

ئاڵای خۆتت شەکاندەوە.

تۆ

بووی بە باڵوێزی رووناکی

بە جانتای میهرەبانی و

قەڵەمی ئەوینەوە

بەرەو ئەم هەرێمە هاتی.

- تۆ

لە پاکیدا وەك بارانی -

کاتێ

بەدەم یادی پێشەوای عاشقانەوە

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

**بارانی گڕ**

**دەبارێنی**

**دەمبەی...**

**رۆحم بە سینگی کوێستانەوە دەنووسێنی.**

**کاتێ**

**هەواڵی ئەو ژنانەی**

**بۆ پارویّ نان لەش ئەفرۆشن،**

**تورەت دەکا**

**دەمبەی بۆ دیداری**

**مەتەرێزی ئەو زاتانەی سەریان دانا**

**هەتا ژوان بۆنی ئەوین بدا.**

**تۆ**

**پاشایەکی دەوڵەمەندی**

**ئەوە منم**

**جار و بارە یاغی دەبم،**

**حورمەتی عەشق دەڕووخێنم!**

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

# پاشا ـ م بۆ کوێ؟

خۆشم ئەوێی،

پەرستگەکەم لێ تێك مەدە،

فریشتەی عەشقم مەڕەنجێنە!

نە...

ئەم تەلارە وێران مەکە

شیلەی هەنگوێنی لێوی تۆ

مەستم دەکا،

دەمبا ... دەمبا ... تا ئاسمان،

نیگای سەوزی چاوەکانت

لێورێژم ئەکا

لە گۆرانی بوون و ژیان.

□

لە بیرت دێ

شەقامەکان

فەرشی حەزیان

لەبەر پێمان رادەخست و

درەختەکان

گۆرانییان بۆ ئەوتین!

□

تۆ... نازانی

شەقام... ئێستا

بۆنی خەم و مەرگ و

پیاسەی تەنیایی مرۆڤێکی تەنیا ئەدا!

بۆ... نازانی

درەخت... ئێستا

بە هۆرە و حەیران

ئەم حەسرەتە جاڕ ئەدا!

پێم نەوتی:

- تەلارێکت بۆ چێ دەکەم

بە تابلۆی سەوز دەیرازێنم،

لە ناو حەوشەی دا

باخچەییێکی بچکۆلانەت بۆ سازدەکەم،

هەتاوەکو

ماچوووچی مەل و باران چاو لێ بکەی،

تا



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

بزەی چاوی تۆ ببینم.-

☐

واوەرەوە

ئەم هەوارە مەشێوێنە

واوەرەوەو

بە دەست و پەنجە نیانەکەت

قژەکانم

وەك هەمیشەی پێکەوە بوون دابهێنە!

- من دەسکردی خۆشەویستی خۆتم -

چۆن دڵت دێ نەییتەوە

ئەدی کێ؟

لەم بازاڕە گەرمەی هەوەس

شیعر و گۆرانیت بۆ بڵێ!

پاشا ـ م بۆ کوێ؟

پاشا ـ م بۆ کوێ؟

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

# تاسە

خاك

بێزوو بە بارانەو دەكات،

لووتكە

باوەش بۆ بەفر ئەكاتەوە،

دەریا

چاوەڕوانی دیداری عاشقانە،

من... خاك

من... لووتكە و

من... دەریاتم،

ساڵەهایە

بە تاسەوە

باوەشت بۆ دەكەمەوە!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET كوردستان نێت

# پرسیاری بێ وڵام

**بە دوو چاوی**
**پڕ لە سروود و گۆرانی**
**بۆ سەمای**
**خاك و بارانی ئەڕوانی،**
**هەستە... وەرە**
**- نە... ناتوانم وەدەر کەوم**
**نە دەستم هەیە بۆ چۆپی،**
**نە پێم هەیە**
**هەڵ بپەڕم.-**
**سەری هەڵبڕی:**
**- ئەی پاشای باڵانشین!**
**ئەمن دەمویست:**
**نمای هیوا لەبەر ماڵی**
**دارستانە سووتاوەکاندا بچێنم،**
**قژی**
**ئەستێرە چیاییەکان**
**دابهێنم،**
**ئاڵای حەز هەڵگرم و**
**حیماسە بخولقێنم.**
**ئاخ...**
**تاوانی من چ بوو؟**
**لێم نەگەڕای ژین بدوێنم!**

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

# پەیکەری ماچ

نیگای سەوزی چاوەکانت

فێری کردووم

هەموو رۆژێ

لە بارەگای جوانی دا چۆك دابدەم،

هەموو شەوێ

نەفرەت لە ناحەزان بکەم

هۆ نازنین؟

لەو ساتەوە

گۆنات

لە حەنای من دا

چاوی مەرحەمەتی پشکووت،

مانگ

لە پێکەنین

شەرم دەکات

لەو ساتەوە

پۆلە ئەستێرەی نیگای تۆ



www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

رۆحی تینووم

ئەلاوێنێ

ئەستێرەی ئاسمانی

کراسی تەم

لەبەر دەکات

لەو ساتەوە

تیشکی خۆشەویستیت

هەرێمی دڵی داگرتووم،

رۆژیار

لە دووی کەلێنێك دەگەڕێت،

خۆی بزر بکات!

هۆ حەکیمی زامانم!

با... وەك هەمیشەی پێکەوە بوون

دوو پەنجەرەی چاوی شێتت

لە رووی چاوم کراوە بێ!

نەوەك...

زامی هەڵچووم ئاوارە بێ!

وەرەوە

لە بارەگای شنینەوەی شەماڵ و

هاژەی رووباری عاشق

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

ڕۆحی بەرزت بهۆنمەوە!

ئەز دەمێکە

بە هۆی تابلۆی جوانیتەوە،

خوا ئەناسم!

ئای چەند خۆشە

بم بە شەراب و

بمخۆیتەوە،

ئای چەند خۆشە

بم بە شیعر و

بملێییتەوە.

هۆ خۆشەویستم!

ئەز ئەو قەڵەمە یاخییەم

بریاکانت

ئەنووسمەوە،

چوون دڵنیام

لە جیهانی بریای تۆدا

خەونەکانم ئەبینمەوە!

ئای چەند خۆشە

بم بە وشە و

پەیکەری ماچم

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org کوردستان نێت

لێ ساز کەیت،

بم بە میوانی ئەبەدی

پەرلەمانی دڵی شەیدات

بم بە کلەی سوبحانی و

بڕازێنم

مەڵبەندی سەوزی نیگات.

بە قوربانی نیگاکەت بام،

سوێندت ئەدەم،

بە پیرۆزی بیرەوەری

دانە... دانەی پەیڤەکانمان

جێم نەهێڵی

نەوەك

لە حەسرەت باڵەوازە بوونت

سەری پڕ سەودام بنێمەوە!

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

# بانگهێشتن

ئەو شۆ وەرە

کارم پێتە،

دڵ و رۆح و بیرم

وەك قەڵەم و خەونەکانم چاوەڕێتە.

رێی هاتنت

بە هەزاران چەپکە شەونمی شیعر

ئەڕازێنم،

لە تان و پۆی شیعر و پەخشان

حەریرێکت بۆ رادەخەم،

تابلۆی ئەوین

لە سەر رێگا

دەچەسپێنم.

ئەگەر هاتی

ئامان... ئامان

مەسنەوی پەرێشانی و

چوارینەی شادمانیت

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

لەبیرنەچێ!

خۆشەویستم!

دەمەوێ

لە شەرابی چاوەکانت

دوو پەیکی پڕ بخۆمەوە

بەرەو لووتکەی بریاکان هەڵکشێم و

رۆمانە ساڵی دووریت

بۆ گێڕمەوە!

دەمەوێ

لە پەیژەی نیگای سەوزتەوە

بگەم بە خاك و

بتوێمەوە!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## ئەوین

خۆشەویستم!

هەر ئەوینێ

لەم وڵاتە

- کە دار ئەفڕێ و

بەرد گیاندارە -

بۆنی خەمی خەڵك نەدات،

ژوان دەیتۆرێنێ و

گۆڕستان

ریسوای دەکات!

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

## سێدارە

به تەمای

له سێدارەی قژی خاوی خۆتم بدەی،

دڵنیا به

دەستی نەرمی قژەکانت

دڵیان نایه

بمتاسێنن،

چونکو

سەدان سەفەری

پەنجەکانمیان لەبیره!

## دیدار

شەو
ئەستێرە ئەبارێتە
ئاسمانی سینگی تۆ،
گۆنات
ژان بە تریفەوە ئەگرێ
کەچی... چاوی من
خولیای دیدارێکی خودایییە
دوو لێوی وشك هەڵاتووم
چیرۆکی
دڵی شێت و
رۆحی زامدار و
سەری پڕ سەودام
جار ئەدات.
شەو
زرێباری چاوەکانت
جوانیت... هەتا خوا

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

بڵیند دەکاتەوە

پرچی شۆڕت

شکۆی شەوی شێواندووە!

ئاخ...

ئاخ... شەڕ

ناجوامێرانەترین شەڕ

شەڕی دوو هاوخوێن

دوو هاوخاك

دوو هاوخەم

لەزەتی ئەم دیدارەی تاراندووە...!

ئەویندارا‌ن خەمین و

هەوسبازانی فەرماندەر

سەرخۆشی شەڕ

چ شەرابێ خەستتر

لە خوێنی شەهیدانی کوردستانە!

داگیرکەران

دەیانەوێ

پیرۆزیی چەکداری کورد

بڕووخێنن.

هەڵۆی بارزان

شێخی کوردان

سەر کۆماری سوورەکاروان

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

جگەرخوێنی

جەرگ لەتلەت،

زمان و قەڵەم

رۆشنبیرە پێبەندەکان

دەقیژێنن:

بەس کەن

دەست راگرن

لەمە زیاتر

ترۆ ـ مان مەکەن!!

- خۆ... هەولێر و سلێمانی

هەر دوو کەژاوەی پێشمەرگەن-

□

شەو

ئەز دوو تاڵی

قژی شەیدات

ئەکەم بە پەڕ

بۆ باڵی

پەڕ هەڵوەریوی خەیاڵم.

بێدەنگ... بێدەنگ

وێران... وێران

بەرەو دیدار

بۆ دوور وڵات

□

هاوڕێم!

ئێستا... لێرەم

لە تاراوگەی پڕ ئاشنا،

لێوم ئاوێتەی مەزارە

مەزارێکی

بۆنخۆشتر

لە شیعری نالی.

رائەمووسم

بەردێك

کە دورگەی هەزاران شەیدایە

کڕنۆش ئەبەم

بۆ زاتێك

عاشقی خاك و

عاشقی خەڵك و

شەهیدی ئاشتی و ئازادییە.

ئای... چەند خۆشە

هەڵمژینی

بای هەناسەی

زەردەشتێك

دوا لاپەڕەی ئاڤێستاکەی

بە خوێنی گەش

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

نووسرابێ!

تراژێدیای کوردکوژی

بۆ ئەگێڕمەوە،

هۆ مامۆستام!

من باڵۆیزی ملێونەها خەونی شێتم

وا...

خەونەکان یەکتر ئەکوژن

توڕە دەبێ

توڕەتر لە فەرهادەکەی خێڵی عەشقم

توڕەتر لە

بەهارە هێرشی سیروان،

توڕەتر لە

قەڵەمێکی سەر شێت،

برووسکەیێکم ئەداتێ،

بێگەرد وەك جامانە

مەزن وەك خاك

بڵیند وەك چیا

برووسکەیێك

بەری لە خیانەت و درۆ،

شین

وەك گەنمجاڕەکانی کرماشان

فێنك

**فێنك**

**وەك هەورامان**

**هاتوومەوە.**

□

**لە غەریبی و**

**ئێستا... لە چوار چرام**

**برووسکە**

**ئەدەم بە پێشەوا**

**تا گڕی شەڕ بسووتێنیٚ!**

□

**چاوت... زیندووە هێشتا**

**هانیٚ**

**دوو تاڵە قژەکەت**

**بڕۆ... بنوو**

**بەشکوو... بەرە بەیان**

**هەواڵی ژین بەخشی ئاشتی**

**لە خەو هەڵت سێنیٚ!**

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

# بەرەو لووتکەی شەیدایی

بەفر ئەباری

بەفر

بەفر

جامانەکەت

داستانی نیو سەدە خۆشەویستی

بۆ چاوانم

ئەوتەوە...

چاوت

لە رووگە بڕیبوو

دەستی شەیدات

شیوەنی ئەکرد

هەتا دوندی چیای نیگات.

رۆحم

جامانەی لێگرتی،

بوو بە هەرا،

بوو بە سەما،

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

له دووره‌وه

ئاوازێکی ئه‌هورایی

رووی تێکردین

ده‌هۆڵ لێدرا

تێر هه‌ڵپه‌ڕین.

لووتکه‌یێك

به له‌چکێ ره‌نگینه‌وه

خۆر له‌سه‌ر سینگ

لووتکه‌یێك

تابلۆی ئه‌وین و

په‌رستین.

به‌فر ئه‌باری

به‌فر

به‌فر

خۆت دزییه‌وه

له نیگای شه‌وپه‌رستان

بوخچه‌ت

لێوانلێوی سۆزی ژین.

جانتام هه‌ڵگرت:

په‌یکێ شه‌راب

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org کوردستان نێت

٥٥٠٠٠ وێنەی عاشقی

١١٠٠٠ تابلۆی غوربەت

کاسێتێ شوان

خەونی گەلاوێژ

پرچی سپی

کیژۆڵەیێکی سنەیی

چ جانتایێك

ئاوێزانی گەردنی

دوکمە و دۆلاخی میدیا!

بەفر ئەباری

بەفر

بەفر

وەڕێ کەوتین

بەرەو مەڵبەندی وریایی

بەرەو لەچك

بەرەو خەون

بەرەو لووتکەی شەیدایی ...

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

## کۆرپە

کۆرپەیێک

ڕێژنەی گوللەی

چەکی دەستی دایکی ئەبینێ و

ئارام ئەگرێ

کاتێ

دایکی ماندوو ئەبێ،

ئەیکاتە شیوەن و هاوار

چنگ لە جامانەکەی دەگرێ!

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET کوردستان نێت

# قالەمەڕە

پێشکەش بە:

ئەستێرەی ئاسمانی مۆسیقای نەتەوەیی کورد، قالە مەڕە

ئەی شیلەی هەنگوینی سروشت
ئەی پاکترین بەرهەمی دەرد!
ئەو شمشاڵەت
دەگەڵ رۆحی پاکی
کام ئەستێرەی سەربڕاودا
هاوپەیمانە؟
وا... هێندە بەهێز
قەسیدەی رەنج و تەنیاییم
تێکەڵ تالار ئاسمان دەکا!
ئەو شمشاڵەت
دەگەڵ
کام سەنگەر و
کام جامانە و
کام کەژواندا
هاو بڕیایە؟
وا...
چیاکانی نیشتمانم
پڕاوپڕی هاوار دەکا
هۆ باڵا بەرز!
لە بارەگای سەوزی سۆزت

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

«گەلاوێژ» و
«ڕێبەندان» و
«پووشپەڕ»م
مروور دەکەمەوە،
لەگەڵ
شەهیدانی قامووسی بیری کوردی تۆ
پەیمان نوێ دەکەمەوە!
ئەز دڵنیام
شمشاڵی تۆ
سازێکی سادە نییە،
یادگاری دیاکۆیە،
لە خۆشەویستی خاک و
کەرامەتی ئینسان ئەدوێ.
شمشاڵی تۆ
هەستی کیژان و کوڕانی
عاشقی خاک
ئاوێتە دەکا و
دەیبا... دەیبا
بەسەر مەزاری
دانە... دانە شەهیدانی نیشتمانیا
ئەبارێنێ!
شمشاڵی تۆ
کۆستی گەورە... گەورەی گەلم

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

بەسەر پرچی
چراکانی مەهابادا
ئەلاوێنێ!
لە نۆ ملیۆن ساڵی دووری و
٢٢٠٠٠ گوللەی شووم ئەدوێ و
ترووسکەی هیوا
رەوانەی ماڵی دڵی کوردان دەکا و
تەمی ناهومێدی
ئەتارێنێ!
هۆ پەروەردەی هەوای هەوار؟
هەواییێکی نوێ ئامادە بکە،
شەو
بەرەو کۆتایی ئەچێ،
با... شەهیدان هەستنەوە،
با... نامەردان
جلی خیانەت فڕێ دەن،
بە قوربانی پەنجەکەت بام
تابووتی نوور
کەوتۆتە رێ
هەواییێکی نوێ
هەواییێکی نوێ

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

# سروودی مناڵانی کوردستانی ئازاد

له سایەی شەهیدانم وا خاوەن پەرلەمانم

دەوڵەتەکەم کوردییە ئیتر عەرەبی نییە

خاوەن ئاڵای جوانم دەردی کەوێ لە گیانم

ئاڵاکەی من کوردییە سوور و سەوز و سپی یە

خۆرێکی بچکۆلانە قژمان ئەکاتە شانە

بە زمان کوردی ئەخوێنم چۆلەکەکەم ئەدوێنم

تەلەفزیۆنم کوردییە ئەویش کوردی پەتییە

چاو لە بەرنامەکانی ئەکەم من بە جوانی

باسی کوردستان ئەکا باسی شەهیدان ئەکا

دەڵێ پێمان بە جوانی بین بە برای گیانی گیانی

بچین بۆ گەشت و سەیرانی هەولێر و سلێمانی

خوایە ئەو کەسانە دوژمنن بەم کوردستانە

بۆ خۆت ریسوایان بکەی بە پەندی دنیایان کەی

ئەگینا «مامە هەژار» دووبارە ئەیکاتە هاوار

www.kurdistannet.org

# منداڵی شەهید

باوکی من پێشمەرگە بوو — بە گژ زاڵمانا چوو
چوو بۆ ناو شاخ و کوێستان — بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمنان
من و بێشکەی نەشمیلان — ماینەوە لای دایە گیان
دایکم وتی بە کوردی — ڕۆڵە گیان! دڵتەنگ نەبی
چوون باوکی قارەمانت — عاشق بە کوردستانت
دەمەو ئێوارەیێك پایز — جێ هێشت وڵاتی ئازیز
چووە ناو کاروانی — شەهیدانی نیشتمانی
هەستە ئەی ڕۆڵەی شیرین — ئەی شیرینتر لە هەنگوین
هەستە بچووە قوتابخانە — درێژە بە ڕێی ئەوانە
کوردستانت خۆش بوێ — وەکو چۆن دایکت ئەوێ

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

## بەرهەمەکانی جەهانگیر غەفاری:

### چاپکراو:

١- بەرەو لوتکەی شەیدایی/ شیعر – کوردستان ٢٠٠٢

٢- ئاشتی/ راڤەی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو – سلێمانی ٢٠٠٢

٣- بەرەو باخی بەهەشت/ راڤەی شیعرەکانی مامۆستا هێمن – سلێمانی ٢٠٠٣

### لە ژێر چاپدایە:

– کورد، گەلێکی بێ پشتیوان/ کۆمەڵەوتار – سلێمانی ٢٠٠٣

### ئامادەی چاپ:

١- بە کوردی دەژیم/ راڤەی شیعرەکانی مامۆستا هەژار

٢- شابازی چیا / لێکۆڵینەوە

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org